# دیسانەوە نا بۆ بڕیاری ئیعدام و وەڵامێك بۆ وەڵامەکەی کاك دلێر

عەلی مەحمود محەمەد

کاتێك گفتوگۆ خولگەی خۆی دەگرێت , کاتێك ڕێز ئامادە دەبێت لە گفتو گۆکاندا, لەو کاتانەدا تۆمەتبار کردنیش بوونی هەبێت لە بیرە چێتەوە, بابەتەکەی کاك دلێریش بەم گیانەوە نووسراوە و سەری ڕێز بۆ بۆچونەکانی دادەنوێنم . من لەو نووسینەدا نەبوومەتە پارێزەری سەدام و عەلی کیمیاییەکان , کێ دەڵێت ئێستا سەدام و عەلی کیمیاوی ڕۆژانە ناپارێنەوە بۆ ئەو سزایەی کاك دلێر بۆیان لە ڕاچێتەدا دەینوسێت , تا ڕۆژێك زووتر هەڵبواسرێن ڕزگارییان بێت لەو سوکایەتییەی لە زیندانەکان ڕۆژانە پێیان دەکرێت , مردنی زوو ئاواتی هەموو ئەو کەسانەیە ڕۆشناییەك بۆ ژیانییان نەماوەتەوە لە سەر زەوی , کاتێك بەعسییەك لە داقوق دەبینێت بەڕێز تاڵەبانی دەبێتە سەرەك کۆمار خۆی دەکوژێت , تەنها لەبەر ئەوەی کوردە , لەبەر ئەوەی نایەوێت قەبوڵی ئەوە بکات کوردێك ببێت بە سەرەك کۆماری, بەچاوی ئەو ڕاستییە ببینێت .

من لێرەدا لە کاك دلێر و هەموو ئەوانەی بەو شێوەیە بیر دەکەنەوە دەپرسم : باشە ئازاد کردنی سەدام سەرجەم تاوانباران سزایەکی قورس ترە یان بە هەڵواسین لە کۆڵ بکرێنەوە ؟؟, عەلی کیمیاوی و سەرانی دیکە ترسی گەورەیان ئەوە بوو بکەونە دەست جەماوەر نەك سوپای ئەمەریکا , ئەوان مەمنون بوون بەوەی دیلی سوپای ئەمەریکا بکرێن و بە خۆشییەوە تورگەیان لە سەر نا , زۆرییان واسیتەی گەورەشییان کرد بۆ ئەوەی تورەگەیان بە نسیب بێت , ئەوەش تەنها لە ترسی جەماوەر . بە بڕوای من گەورەترین سزا بۆ ئەو تاوانبارانە ئەوەیە ئازاد بکرێن , یان لە کونی زیندانا بهێڵرێنەوە و ڕسوا بکرێن , ئەگەر ئازاد بکرێن ئەوە ئاسایی دەکەونە دەست جەماوەر , دوایی کێ دەزانێت قاچییان بەر کێ کەوتووە و چاوەکانییان کام پیرێژنی جەرگ سوتاو قوتی داوە ؟؟؟ . بە بڕوای من ئەوانەی داوای سزای ئیعدامی خێراییان بۆ دەکەن , لەگەڵ ویستەکانی ئەواندان , لەگەڵ جێبەجێکردنی حەزەکانی تاوانباراندان .

ئەوەی من بە لامەوە گرنگە لە هەڵوێست لە سەر ئیعدام , کێشەی سەدام و عەلی کیمیاوی و هەزاران دڕندەی کە نییە , بەڵکە زەبرو زەنگ و بڕیارەکان لە چرکە ساتێکدا دەرەکرێن دوایی درێژ دەبنەوە , قەیسەر تاوانبار بوو و سزا دانی لە جێی خۆی بوو , بەڵام کوشت و بڕی قەیسەرو خێزانەکەی درێژ بووەوە بە ناو کۆمەڵدا , قەتل و عامی کرێکارانی کرۆنشتاد و بەلشەفیك و مەنشەفیك و سۆسیالستەکانیشی بە دوادا هات و 70 ساڵ ئەو زەبرو زەنگە درێژەی کێشاو کۆتایی نەهات .

کوشتنی خێزانی مەلەکی لە عێراق , دادگا شۆڕشگێرییەکان و حوکمی ئیعدامی بە دوای خۆیدا هێنا هێشتا درێژەی هەیە .

ئەوەی دوێنی من نووسیم لەوەی مام جەلال لەبەر دەم تاقی کردنەوەیەکی گەورەدایە , ئەمڕۆ هاتە دی سەیری ئەم هەڵوێستە بکەن :

قال علي الدباغ المتحدث باسم لائحة الائتلاف العراقي إن اللائحة تريد إعدام صدام حسين إذا حكمت عليه المحكمة الخاصة التي شكلت لمحاكمته بذلك، فيما قال مسؤولون في وزارة الداخلية العراقية إنهم اخطأوا في تعريف مسؤول كبير اغتيل في منزله في وقت سابق من يوم الاثنين، فيما أعلن مصدر آخر اليوم ان ضابطين في الجيش العراقي هما لواء وابنه برتبة نقيب قتلا الاثنين برصاص مجهولين في الدورة جنوب بغداد بينما قتل عميد في الوزارة مع سائقه في العمارة (366 جنوب بغداد).

**الدباغ**

وقال الدباغ إن على رئيس الجمهورية أن يستقيل إذا رفض التوقيع على أمر الإعدام. وشدد الدباغ على أن إعدام صدام حسين أمر لا يقبل التفاوض ويجب ألا يطرح للنقاش. وفيما يتعلق بتصريحات الرئيس العراقي جلال طالباني عن نيته عدم توقيع الحكم بإعدام صدام حسين، قال الدباغ إن طالباني يحتل الآن منصب رئيس الجمهورية ولذا فإن عليه الانصياع لحكم القانون، أما إذا اختار عدم توقيع أمر الإعدام فإن عليه الاستقالة.

بەم شێوەیە دەبینین ئێستا مام جەلال لەبەر دەم تاقی کردنەوەیەکی سەختدایە , مەودای مانۆڕ نواندنی تەسك بۆتەوە , مام جەلال ئێستا مامەڵەی لەگەڵ مەکتەبی سیاسییەکەی خۆی نییە . خۆی سەردانی دەرەوە بکات , پەڕ و باڵ کردنی لایەنە نەیارەکانیش بەوان بسپێرێت لە کاتی سەفەرەکەی . دوێنی ووتی : بڕیارەکە دەرچێت من ئیجازە وەرە گرم,با جێگیرەکانم ئیمزای بکەن . لێرەدا مام جەلال وەك داکۆکی کەر لە لابردنی سزای ئیعدام دەرناکەوێت , بەڵکە وەك وەفادارێك بۆ واژەکەی کە کردوییەتی , ئەگەر وایە دەبێت باسی هەڵگرتنی سزای ئیعدام لە عێراقدا بێنێتە پێشەوە , لە کاتێکدا بەڕێزی سەرۆك کۆماری عێراقە قسەکانی جێ دەکەوێت .

لە عێراقێکدا گەمەی سیاسی نایخوات , هێزە سیاسییەکان لە کێشمە کێشدان لە گەڵ یەکتر , نزیکترین دۆست لە پاشقەڵ گرتندایە بۆی . دەبێت هەڵوێستی خۆی لەسەر ئیعدام بە شێوەی گشتی یەکلا بکاتەوە , ڕونیشی بکاتەوە بزانیین ئایا لە کوردستاندا لەو ناوچەیەی بەڕێزی دەسەڵاتدار بووە لە ڕابردودا چەندە وەفادار بووە بەو واژۆیەیە , ڕاستە لە کوردستاندا ئیعدامی سیاسی نەبووە بەڵام دەیان کارەساتی لێ ڕوی داوە ,هەزاران کەس بوونەتە قوربانی , هەمووشی بە بڕیاری سیاسی ئەنجام دراون , نابێت تۆ دژ بە ئیعدامی سیاسی بیت لەم لاوە بڕیاری مەرگ بە قامچی و تیرۆر مۆر کەیت , هەڵواسینەکە زۆر مرۆڤانەترە لە بەکوشتن بە کێبڵ و زیندە بە چاڵ کردن بە شۆفەڵ .

ئەم بابەتە پێویستیی بە گفتو گۆی زیاترە هیوادارم قەڵەم بە دەستان و لایەنگران و دژانی هەڵگرتنی سزای ئیعدام بێنە دەنگ و لەسەری بنوسن , چونکە کارەکە تەنها بە ئیعدامی سەدام ناوەستێت , ئەو قەنارەیەی بۆ ئەو هەڵە درێت چاوەڕوانی ملی ئێمەش دەکات لە داهاتوودا , قەنارە ئەوەندەی بۆ ملی ئازادیخوازان بە کار هاتووە سەت یەکی تاوانبارانی پێ هەڵنەواسراوە .

## وەڵامێک بۆ کاک عەلی مەحموود

**دلێر محمد عەلی**
**18/4/2005**

**بەڕێز عەلی محمود لە نوسینیکدا لە سایتی دەنگەکان لە 2005/4/17 بڵاوی کروەتەوە سبارەت بە ئیعدامکردنی سەدام حوسەین و عەلی حسن مەجید ناسراو بە عەلی کیمیاوی.**

**بەڕێزیان لە نوسینەکەدا چەند بۆچونێکی دوور لەیەک باس دەکات و پەیامەکەی بە ڕوونی ناخاتە بەردەم خوێنەر، من لێرەدا دەمەوێت بۆچوونی خۆم دەرببڕم لەسەر نامەکەی کاک عەلی کە دەیەوێت بە شێوەیەک لە شێوەکان یاسای و بۆچوونی مرۆڤایەتی لەبەرژەوەندی کەسانێک پەیڕەو بکرێت کە خۆیان بە هەموو شێوەیەک سووکایەتیان بەو ووشە و بە بوونی مرۆڤایەتی کردوە، و بە پێزانینەوە بەرنامەی ڤڕکردنی میللەتی کوردی داڕشتوەو دەستبەکاری کردووە.**

**من لەگەڵ بۆچوونەکانی کاک عەلی مەحمودم لە بەرگریکردن و لابردنی سزای ئیعدامکردنم بەڵام من زۆر بە توندی پشتگیری لە ئیعدامکردنی سەدام حوسەین و عەلی حسن مەجید دەکەم لەبەر سێ هۆی سەرەکی <u>یەکەمیان</u> ئەو دوانە تەنها لە دڕندایەتی و سووک سەیرکردنی گەلی کورد بەرنامەی ڤڕکردنی گەلی کوردیان داوە و لە ژێر هیچ فشاریکی خۆیی نەبوون و بەشێوەیەک ڤڕکردنی کوردیان نیشان دەدا کە بەشێک بێت لە ئازایەتی و پیاوەتی لەهەمان کاتیشدا نەوەیەکیان پێکهێنا کە بەو ئاقارەدا بیربکەنەوە، هەروەها پیرۆزترین بەهای مرۆڤی ناوچەکەیان بەکارهینا بۆ پاڵەپشتی ئەو تاوانانە کە ئایینی ئیسلامە. <u>دووەمیان</u> لابردنی سزای ئیعدام بۆ ئەو کەسانەیە کە بواریان بدرێتێ خۆیان چاک بکەن و بگەڕێنەوە ناو کۆمەڵگا وەک ئەندامێکی بنیاتنەر، بەڵام بە ڕای من ئەو جۆرە کەسانە بواری چاکبونەوەیان نیە ناتوانن ببن بە ئەندامێکی پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگادا و مانەوەیان دەبێت بە هاندەر بۆ تاوانبارانی تر کە تاوان ئەنجام بدەن بەرامبەر بە مرۆڤایەتی. <u>سێهەمیان</u> لە مێژووی کوردا تاوانی کۆمەڵکوژی بەرامبەر بە گەلەکەمان ئەنجام دراوە و بێ ئەوەی هیچ سزایەک بدرێت و ئەوە بووە بەهاندەری هەموو شۆفینیزمێک بۆ تاوان ئەنجامدانی تاوان بەرامبەر بە گەلەکەمان ، جا ئیعدامکردنی ئەو دوو کەسە دەبێت بە وانەیەک بۆ شۆفینیەکانی ئایندە.**

**بەڕای من ئیعدامکردنی تاوانبارانی جینۆسایدی گەلی کورد جیاوازە لە بەدیکۆمێنتکردنی ئەو تاوانانە، ئەنجامی ئەو دادگاییە هەرچۆن بێت پێویستە بخرێت ڕوو و بمێنێتەوە بۆ نەوەکانی داهاتوو.**
**لە کۆتاییدا هیوادارم کاک عەلی مەحمود جیاوازی نێوان تاوانبارێک لەبەر برسێتی یان نەخۆشی دەرونی یان هەرهۆیەکی تر بێت تاوانی ئەنجام دابێت لەگەڵ کەسانێکی وەک سەدام حوسەین و عەلی حسن مەجید (عەلی کیمیاوی) جیابکاتەوە، هەروەهاَ من ناڕۆمە سەر هەڵوێستی سەرۆک کۆمار جەلال تاڵەبانی سەبارەت بە بۆچونەکانی، لەبەر ئەوەی ئەو بەڕێزە بۆ دڵنەوایکردنی برا عەرەبەکانی ئامادەیە بۆ هەموو چاوپۆشییەک لە تاوانبارنی جینۆسایدی گەلی کوردساتن، کۆنگرەی ئاشتبوونەوەی هەولێر لە بەرواری 26/27-9-2004 دیارترین ساهیدە لەسەر ئەو بۆچونانە.**

**ئەندامێکی دادگای تەمییزی کوردستان: ئیمزا نەکردنی حوکمی لە سێدارەدانی سەددام لە لایەن تاڵەبانییەوە, سەددام لەمەرگ رزگار ناکات**

Apr 2005] 19 , 15:29]



Peyamner- دکتۆر محەمەد عومەر مەولود, ئەندامی دادگای تەمییزی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ پەیامنێر رایگەیاند کە ئیمزا نەکردنی حوکمی لە سێدارەدانی سەددام لە لایەن بەڕێز تاڵەبانییەوە, سەددام لەمەرگ رزگار ناکات و تەنها ماوەی لەسێدارەدانەکەی دوا دەخات. ئەو هەروەها گوتی کەوا رەنگبێ دادگایی کردنی سەددام زۆر بخایەنێ و ئەو ئیمزایە نەکەوێتە سەردەمی حوکمی تاڵەبانی.
دکتۆر محەمەد عومەر مەولود کە پسپۆرە لەبواری یاسا سەبارەت بەوەی کە ئایا چاوەڕێ دەکرێ سەددام بە لەسێدارەدان حوکم بدرێت گوتی:" سەرەتا پێویستە ئەوە بڵێم کە نابێت هیچ یاساناسێك یان هیچ کەس و لایەنێك پێش بڕیاری دادگا بکەوێت و حوکمی ئەوە بدات کە دادگا چ سزایەك بۆ تاوانبار دەر دەکات, چونکە ئەمە پەیوەستە بە دادگای پەیوەندیدارەوەو لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی لەسەر جۆری دۆسیەکان حوکمەکە دەردەکات.
بەڵام لەلایەکی دیکەوە بەپێی ئەو زانیاریانەی لەسەر یاسای عێراقی هەمانە مەزەندەی ئەوە دەکرێت کە دادگا ئەم حوکمە دەبکات. چونکە بەپێی یاسای سزادانی عێراقی مادەی 406 ژمارە 111 ساڵی 1969 هەموارکراو کە لە 9 فەقەرە پێك هاتووە، حوکمی لە سێدارەدان دەدات بەسەر تاوانباراندا کە بەیەکێك لەو تاوانانەی کە حوکمەکە دەیانگرێتەوە تۆمەتبار کرابن.
یەك لەو 9 فەقەرەیە حوکمی لە سێدارەدان دەدات بەسەر تاوانبارێکدا کە زیاتر لە کەسێکی کوشتووە. ئێمە ئەوە دەزانین کە ئەو دۆسیەیانەی بۆ سەدام حوسێن کراوەتەوە تاوانی کوشتنی سەدان هەزار کەسی رووبەڕوو بۆتەوە. بۆیە کارپێکردنی یاسای سزادانی عێراقی و مادەی 406 تا ئەم ساتەی ئێستاش سەدام لە یاسای سزادان بە مەرگ نزیك دەکاتەوە.
لە درێژەدا بەڕێزیان سەبارەت بەو لێدوانی بەڕێز جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدرالی کە گوتوویەتی حوکمی لە سێدارەدانی سەددام ئیمزا ناکەم گوتی: بەپێی یاسای سزادانی عێراقی هەر حوکمێکی لە سێدارەدان کە دەردەچێت پێویستە بنێردرێتە کۆشکی کۆماری بۆ ئەوەی سەرۆك کۆمار واژۆی لەسەر بکات و رەزامەندی بدات لەسەر جێبەجێکردنی بۆ ئەوەی سەرۆکی کۆمار واژووی لەسەر بکات و رەزامەندی بدات لەسەر جێبەجێکردنی بڕیارەکە، بۆیە ئەگەر دادگا ئەم حوکمەی دەرکرد بەڕێز تاڵەبانی ئامادەنەبوو واژووی لەسەر بکات ئەوا لەڕووی یاساییەوە بڕیارەکە بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوەو جێبەجێ ناکرێت. بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە دادگا لە بڕیارەکە پاشگەز دەبێتەوە. بەڵکو وەك گوتم بڕیارەکە بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە.پێویستە ئەوەش بگوترێت کە تا ئێستاش تێگەیشتنێکی یاسایی تەواو بۆ مەسەلەی دادگایی کردنی، سەدام حوسێن نیە."
ئەم ئەندامە دادگای تەمییزی کوردستان گوتی:" بەرای من ئەگەر هەر دوابەدوای دامەزراندنی حکومەتی عێراقی فیدراڵ دەست بکرێت بە دادگایی کردنی سەدام حوسێن ئەوا ئەو حوکمەی کە دادگا دەری دەکات ناکەوێتە ناو سەردەمی حوکمی بەڕێز تاڵەبانی، چونکە ئێمە ئەگەر ئەوەمان زانی کە ئەم حوکمەتەی ئێستا کاتیە ئەوا پێویستە ئەوەش بزنین کە دادگایی کردنی سەدام ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت کە پێدەچێت لە ساڵێکیش زیاتر بێت ئەمەش بەپێی ئەو دۆسیە زۆرانەی لەسەری کۆکراونەتەوەو ئەو تومەتە زۆرانەی کە دراونەتە پاڵی."

**الطالباني: إذا قرر نائباي إعدام صدام فسآخذ عطلة لأتجنب التوقيع**

لندن - أ.ف.ب، رويترز :
اعلن الرئيس العراقي جلال طالباني تأييده لاستخدام «القوات الشعبية» في اشارة الى الميليشيات الكردية او الشيعية ضد المسلحين المتمردين في العراق، معربا عن اسفه لموقف واشنطن المعارض لهذا الامر.

وفي مقابلة مع هيئة الاذاعة البريطانية «بي.بي.سي» قال الرئيس العراقي «برأيي ان القوات العراقية والقوات الشعبية والقوات الحكومية باتت اليوم قادرة على وضع حد للتمرد».

واضاف «هناك رأي داخل الحكومة يعتبر انه يجب عدم اللجوء الى القوات الشعبية مثل ميليشيات البشمركة الكردية ومنظمة بدر الشيعية والقوات المسلحة التابعة لاحزاب المعارضة.. وانا آسف لذلك لاننا نملك من القوة ما هو كاف لاقتلاع الارهاب».

ورأى طالباني، انه لابد من «سنوات» لقمع المتمردين في حال قررت الحكومة استخدام قوات الامن وحدها.

بالنسبة الى الدستور المقبل للبلاد، اكد طالباني مرة جديدة رفضه قيام حكومة اسلامية. وقال «البلاد تتشكل من اكراد وعرب وشيعة وسنة ومسيحيين اي موازييك حقيقي» مضيفا «حتى الاحزاب الاسلامية لا تطالب بحكومة اسلامية»وحول مصير الرئيس السابق صدام حسين قال طالباني انه لن يوقع قرار اعدامه في حال صدوره، لانه يعارض الاعدام من حيث المبدأ.

وتابع «لكن كما تعلمون فان رئاسة العراق تتألف من ثلاثة اشخاص، وهولاء الثلاثة يجب ان يتخذوا القرار. ويمكن ان امتنع انا عن التصويت. فقد اذهب لقضاء عطلة واترك الاثنين الآخرين -نائبا الرئيس - يتخذان القرار».

وقال الطالباني ان جميع الاعضاء الآخرين في القيادة الجديدة واغلبية العراقيين يفضلون اعدام صدام سريعا، «حتى قبل ان تتخذ المحكمة قرارها».